


# پەرەپێدانی رووەکی سروشتی لە هەرێمی کوردستاندا وەك دەرامەتێکی سروشتی


2021

# ڕووەکی سروشتی (خۆرسک)

- رووەکی سروشتی به جۆره جیاوازیەکانەوه، یەکیکه له پیێکهیێنەره سەرەکیەکانی سیستەمی ژینگەی، رۆلی سەرەکی دەبینیت له دابینکردنی خۆراک بۆ مرۆڤ و گیانلەبەران.

- ڕووەکی سروشتی بریتیه لەو ڕووەکانەی که لەخۆوه و بەبێ دەستکاری مرۆڤ دەڕویێت، مرۆڤ هیچ ڕۆڵێکی له پەیدابوونی نییه، بەڵکو کۆمەڵێک فاکتەری سروشتی وەک (ئاووهەوا، بەرزی و نزمی، خاک، دەرامەتی ئاو) بەرپرسن له پەیدابوونیانی دابەش بوونی جوگرافیان.

# دابەشبونی جوگرافی رووەکی سروشتی لە هەرێمی کوردستاندا




- بونی جیاوازی لەو فاکتەرە سروشتیانەی کە ئاماژەمان پیدا، جیاوازی لە جۆری رووەکی سروشتی دێنێتە ئاراوە.
- ئەگەر سەیری دابەش بونی رووەکی سروشتی بکەین لە هەرێمی کوردستان دەردەکەویت زۆر جیاواز و لەم نەخشەیەوە دەردەکەویت لە دارستان و گژو گیای ئەستبس و گەرمەسێر و دارستانی لێواری ئاوەکان لەخو دەگرێت.

| جۆری‌دارستان | سلێمانی | هەولێر | دهۆك | کەرکوك | دیاله | موسل | ٪ | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دارستانی چڕ | ٣٩٩٦٠٠ | ٩٢٥٢٠٠ | ٩٦٤٧٢٠ | – | – | ٢٩١٢٠٠ | ٪٣٦,٢ | ٢٥٨٠٧٢٠ |
| دارستانی مام ناوەند | ٣٨٤١٢٠ | ٢٦٥٤٨٠ | ٤٠٦٦٠٠ | ٧٢٠٠ | – | ٩٦٦٠٠ | ٪١٦,٢ | ١١٥٢٨٠٠ |
| دارستانی کراوە | ١٣٤٠٨٨٠ | ١١٩١٥٦٠ | ٦٨٦٢٨٠ | ٦٥٦٠٠ | ١٩٦٠٠ | ١٢٦٥١٠ | ٪٤٧,٥ | ٣٢٧٦٤٤٠ |
| کۆ | ١٦٨٦٠٠٠ | ٢٧٧٩٦٠٠ | ٢١٧٩٦٠٠ | ٧٢٧٠٠ | ١٩٦٠٠ | ٢٧٦٥٠٠ | ٪١٠٠ | ٧١١٠٤٠٠ |



# بوارەکانی پەرەپێدانی رووەکی سروشتی

- رووەکی سروشتی بەوەدا دەناسرێتەوە کەسوودیکی زۆری بۆ لایەنی ژینگەی وئابوری وکۆمەڵایەتی وگەشت وگوزار هەیە، ئەم سوودانەش بە روونی دەرکەوتووە لەو وولاتانەی کەدەوڵەمەندن بەرووەکی سروشتی، مرۆڤ هەرلەکۆنەوە درکی بەوە کردووە چۆن سوود لەرووەکی سروشتی وەربگرێت بۆخواردن وحەوانەوە پشتی پێ بەستووە لەهەموو جۆرە باروودۆخێکدا
- بۆیە دەکرێت رێگای پەرە پێدانیانەوە لە چەندین بواردا سودیان لێببینرێت وەک:
- 

| | Subject | Kurdish Name | No. of taxa |
|---|---|---|---|
| 1 | Herbal Medicine | دةرماني گيايى | 165 |
| 2 | Edible Plants | ڕووەکی خواردەمەنی | 188 |
| 3 | Ornamental Plants | ڕووەکی ڕازاندەوە | 288 |
| 4 | Herbal Tea | چای گیایی | 71 |
| 5 | Poisonous plants | ڕووەکی ژەهراوی | 81 |
| 6 | Economic plants | ڕووەکی ئابووری | 133 |
| 7 | Tools | ئامێرةكان | 48 |
| 8 | Fuel | سووتەمەنی | 44 |

سەرچاوە علی گەلالی (2017-2021)

# بوارەکانی پەرەپێدانی رووەکی سروشتی





- بواری پیشەسازی:

1. پیشەسازی دەرمان:

➢ سەرەرای ئەو پێشکەوتنە گەورەیە بەدەستهاتووە لە بواری تەکنەلوژیاو دەرمانسازی لەم سەردەمی مودێرندا، بەلام خواستی جیهانی بۆ چارەسەری گیایی لە هەلکشاندایە کە ئەم پیشەسازیە سالانە نزیکەی (60) ملیار دۆلار دەبێت(Benzie,2011).

➢ بە پێی قسەکانی پرۆفیسۆری یاریدەدەر د. سامان عبدالرحمن هەرێمی کوردستان و بەتایبەت ناوچە چیایەکانی زاگرۆس، زیاتر لە سێ هەزار رووەکی دەرمانی سروشتی و گژوگیاکانی تێدا دەژین و ئەگەر وەبەرهێنان بکرێت دەبێتە سەرچاوەی داهاتی گرنگ.

➢ (کوزینیائس مرینتس) و کە لە چیای ئەزمەر بونی هەیە هەروەها رووەکی (أسترغالس هلکوردینینس ) تەنها لە جیای هەلکورد سکران بونی هەیە.

➢ داربەروو:

➢ دارمازی

➢ دارەبەن

# بوارەکانی پەرەپێدانی رووەکی سروشتی

**2. پیشەسازیەکانی دار (موبیلیات، کاغەز):**

به یەکێک له گرنگترین سەرچاوەکانی سروشت دادەندرێت.

جیهانگیری و گەشەی ئابوری لەسەر ئاستی جیهان هۆکارێک بووه بو زیاد کردنی بارزگانی نێودەولەتی بەرهەمی دارو تەختە. هەر بۆیه بەرهەمەکانی دار لەسەر ئاستی جیهان به کەرتیکی  فراوان له چالاکیی بازرگانیی دادەنریت، هەروەها گەورەترین دەرفەتە بۆ گەشەی ئابووری.

له کوردستاندا چەندین جۆر داری بەنرخ هەیه وەک بەڕوو، گوێز ....هتد.







# بوارەکانی پەرەپێدانی رووەکی سروشتی

## خۆراک :

رووپۆشی رووەکی کوردی جۆرەها میوە و سەوزەی جۆراوجۆری تێدایە کە دەتوانرێت بە شێوەی راستەو خۆ یان لە پیشەسازیدا سودی لێوەربگیرێت بۆنموونە

(دارە بەن، قەزوان)














سیس درجه(۱)
36000


پەیجی شینی











# بوارەکانی پەرەپێدانی رووەکی سروشتی

- بواری گەشت و گوزار:


➢ پەیوەندیەکی زۆر هەیە لەنێوان رووەکی سروشتی و گەشت وگوزار دا زۆر ئەستەمە کە مرۆڤ بتوانێت ناوچەی گەشت وگوزار بەبێ دارستان بەدەست بهێنێت.

➢ گەشەکردنی چالاکی گەشت و گوزار لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستانیش پەیوەندیەکی توندو تۆلی هەیە لەگەل بوونی ئەو تایبەتمەندیە سروشتیەی کەهەیەتی بەتایبەتی ( رووەکی سروشتی).

➢ رووەکی سروشتی هۆکارێکە بۆ خوشکردنی ئاووهەوای ئەو ناوچەیە.

➢ جۆری دابەش بوونی ئاژەلی کێوی پەیوەندیەکی توندو تۆلی بە رووەک.

➢




# بوارەکانی پەرەپێدانی ڕووەکی سروشتی

- **بواری لەوەرگا:**
- لە ڕووی ئایکۆلۆجیەوە گژوگیای هەرێمی کوردستان بەئستێبس (سهوب) دادەنرێت، گژوگیا وەک پشتێنەیەک لە دامێن و لاپاڵی چیاکان و دەشت و بانەکانی ناوچەی نیمچەشاخاوی دەردەکەوێت کە زۆربەیان لەوەڕگایەکی باشن بۆ ئاژەل، ئەم ناوچەیە کەوتۆتە نێوان ڕووەکی شاخاوی و ڕووەکی بیابانیەوە.
- ڕووەکی بەئیستێبسی شێدار
- ڕووەکی بەئیستێبسی ووشک

# بوارەکانی پەرەپێدانی رووەکی سروشتی

- **بواری پاراستی خاک:**
- دارستانەکان توانایەکی زۆریان هەیە لە پارێزگاری کردنی خاک لەڕامالّین.
- ڕەگی درەختەکان یارمەتی ڕۆچونی ئاوی باران دەدات بەناو زەویدا وە ڕێ لە ڕوودانی لافاو دەگرێت لــە دوای باران بارین.
- لەڕامالّین لیکۆلّینەوەکان سەلماندوویانە دروست بونی (3) سم لەخاک پێویستی بە (4 - 10) سەدە هەیە بەلّام لـە ناوچوونی (10) سم لە نـاوچـەیەک کـەلێژی یەکەی بگاتە (2%) لــە دارستانەکـان پێویستی بە (170) هـەزار سالّ هـەیە, بەپێچەوانەوە لـە خاکێک دا کە داپۆشراوە بە گژووگیای کـورت یاخود هەژارە لــە ڕووی دارو درەخت پێویستی بە ( 20-50 ) سالّ هەیە لە کاتێکدا کە سرووشتی زەوی هەرێمی کوردستان بە لێژی زۆر جیا دەکرێتەوە.



# گیروگرفتەکانی  رووەکی سروشتی لە هەرێمی کوردستاندا





- **سوتان**

یەکێکە لەو دیاردە باوانەی کە کاریگەری گەورەی لەسەر سیستەمی ژینگەی هەیە، کە دەبێتە هۆی لەناوبردن و فەوتانی رووەک و گورانی پشتێنەی رووەکی سروشتی لە رووی برو جۆریەوە و گورانی تایبەتمەندییە فیزیایی و کیمیاییەکانی خاک.

هۆکارەکانی سوتان زۆرن.

- **برین ( بێبەزەییانە):**

مرۆڤ مەترسیەکی گەورەیە لەسەر رووەکی سروشتی و دارستانەکان، ئەم مەترسیە جیاوازە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر بەپێی بارودۆخی ئابوری و کومەلایەتی و روشنبیری دانیشتوانی ناوچەکە، کە زیادەرەوی لە برینەوەی دارودەون دەکەن.

ئەمەش گرفتێکی سەرەکیەکە دووچاری دارستانەکانی هەرێمی کوردستان بوتەوە لەپێناو پرکردنەوەی پێداویستیەکانیان لە تەختەو سوتەمەنی و دروست کردنی خانوو یان فورشتنی بەمەبەستی وەدەستهینانی قازانج و دەرامەت.

# گیروگرفتەکانی رووەکی سروشتی لە هەرێمی کوردستاندا





- <u>لەوەراندنی هەرەمەکی بێ سەرپەرشتی:</u>

ئەم دیاردەیەش بەروونی لە هەرێمی کوردستان بەدیدەکرێت، کە مەبەست لەوەراندنی بەردەوام و لەوەراندنی ژمارەیەکی زۆر ئاژەل بەبێ لەبەر چاو گرتنی توانای لەوەرگاکان وتایبەتمەندی رووەکی سروشتی و جۆری ئاژەلەکان، بەبێ بونی چاودێری و پەیرەوکردنی سیستەمێکی بەرێوەبردنی لەوەراندنی گونجاو.

کە دەبێتە هۆی کەمبونەوەی رووەکی سروشتی، لە ئەنجامدا پرۆسەی رامالین زیاد دەکات.

# گیروگرفتەکانی ڕووەکی سروشتی لە هەرێمی کوردستاندا

- **گرفتی سرووشتی:**

❑ **هەڵبەز و دابەزی باران:**

ئەو ناوچانەی کەوتونەتە هەرێمی ئاووهەوای وشک و نیمچە وشکەوە، بری بارانی ساڵانەی لە (500) ملم کەمترە بە ناوچەی بارانی ناکسۆگەر ناودەبرێت، زۆرتر ڕووبەڕووی ڕاڕایی لەباران دەبیتەوە.

ڕارای باران بریتیە لە زۆری یان کەمی بری باران بارین بەبەراورد لەگەل نێوەنجی باران لە ماوەیەکی دیاریکراودا.

❑ **ماوەی وشکی :**

بریتیە لە دابەزینی نا ئاسایی رادەی باران بارینی ساڵانە لە ناوچەیەک کە وشک نیە و بری بارانی ئەوەندە کەم دەبێت کاریگەری نەرێنی لەسەر رووپۆشی رووەک دەبێت.

# ڕێگاکانی پەرەپێدانی ڕووەکی سروشتی لە هەرێمی کوردستاندا

ئاشکرایە کە ڕووبەری ڕووەکی سروشتی لە هەرێم زۆر بەرەو کەمی چووە لە ئاکامی بەکارهێنانی لە کۆمەڵێک بواری جیاوازدا بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی ژیان وێڕای دووچاربوونی بەسووتاندنی ساڵانە، هەروەها گەیاندنی ڕێگاوبان بە ناو دارستانەکان دا و بەردەوام بە کارهێنانی دارستانەکان وەک لەوەڕگاو بڕینی بۆچاندنی بەرووبومی کشتوکاڵی، بەلام دەکرێت پەرەی پێبدرێت بەم رێگایانەی خوارەوە:

1. هوشیارکردنەوە خەلک لە رێنمایی ژینگەیی.
2. دانانی کومەلێک یاساو رێنمایی تایبەت بە پارێزگاریکردن لە رووپۆشی رووەکی و پاراستنی لەوەرگاکان.
3. هەوڵدان بۆ ڕواندنەوەی ئەو دارستانانەی لەناوچوون و پاراستنی ئەوانەی کە هەنە.
4. دانانی بەرنامەو پلان بۆ ریگری کردن لە بەکارهێنانی رووبەری رووەکی سروشتی بۆ مەبەستی نیشتەجیبوون.
5. دروستکردنی ناوچەی پارێزراوە سروشتیەکان.
6. کەمکردنەوەی ئاسەواری جەنگ لەسەر رووپۆشی رووەکی ناوچەکە.

# ڕێگاکانی پەرەپێدانی رووەکی سروشتی لە هەرێمی کوردستاندا

9. فراوانکردنی تۆری ڕێگاو بانەکان بەمەبەستی کار ئاسانی بۆ تیمەکانی بەرگری شارستانی و گەشتیاران.
10. چاودێریکردنی بەردەوامی رووەکی سروشتی (Monitoring).
11. ئامادەکردنی داتابەیسێک لە جۆرەکانی ڕووەک و کارکردن بۆ پۆلێنکردنیان و دیاریکردنی بەهای ئابووری و کۆمەلایەتیان بە هاوئاهەنگی لەگەڵ دەزگا و ناوەندو دامەزراوە زانستی و توێژینەوەکان.
12. ئەنجامدانی توێژینەوەي زانستی ڕێگایەکی گرنگە بۆ پەرەپێدانی بەردەوام، چونکە هەمیشە لە ڕێگای توێژینەوە دەکرێت کێشەکان و چارەسەرەکانی رووەکی سروشتی دیاری بکرێت.
13. پێکهێنانی دەستەیەکی زانستی پسپۆر لە نێوان وەزارەتەکانی خوێندنی بالاو کشتوکال و سەرچاوەکانی ئاو بەمەبەستی بایەخدان بە رووەکی سروشتی و پاراستن و فراوانکردنیان هەروەها وەگەرخستنی کەرستەو ئامێریی تەکنیکی نوێ لەم بوارەدا.

# ليستی سەرچاوەکان


- Benzie, I. F., & Wachtel-Galor, S. (Eds.). (2011). *Herbal medicine: biomolecular and clinical aspects*. CRC press.
- Ahmad, S. A., & Askari, A. A. (2015). Ethnobotany of the Hawraman region of Kurdistan Iraq. *Harvard papers in botany*, *20*(1), 85-89.
- Ahmed, H. M. (2017). Traditional uses of Kurdish medicinal plant Pistacia atlantica subsp. kurdica Zohary in Ranya, Southern Kurdistan. *Genetic Resources and Crop Evolution*, *64*(6), 1473-1484.

# ليستی سەرچاوەکان


- هاوریَ یاسین محمدامین، لیَکۆلینەوەیەک لە جوگرافیای هەریَمی کوردستانی عیَراق، 2011، چاپی سیَیەم.
- عوسمان محمد علی، قەزای کەلار لیَکۆلینەوەیەک لە جوگرافیای هەریَمیدا. 2014، زانکۆی سلیَمانی.
- عثمان ئـەحمد عبدالله و عدنان محمد عزیز، کیَشەکانی دارستان لـەهـەریَمی کـوردستان، 2009، زانکۆی سلیَمانی.
- د. جەزا توفیق **طالب** هاودین کامل علی،**عطا** حمەلاو حمە یوسف،شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ پشتیَنەی دارستانی سروشتی پاریَزگای هەلەبجە، 2016، گوڤاری زانکوی راپەرین.
- جمیل جلال محمد و محمد وتمان محمد و هاودین کامل علی، کاریگەری رەگەزەکانی ئاووهەوا لەسەر وەبەرهیَنانی زەوی بۆ گەشەپیَدانی کشتوکال لەناوچەی سیروان لە پاریَزگای هەلبجە، 2016، گۆڤاری زانکۆی راپەرین.
- بنار عبدالخالق بکر، بەگەرخستنی ژینگەی سروشتی زیَی بچووک لە قەزای کۆیە بۆ لایەنی ئابوری،2016، گۆڤاری زانکوی راپەرین.

# زۆر سوپاس